


## عەدنان کەریم:

# کاری هونەرمەند گەڕانە بەدوای داهێنان

ئا: خەلیل بلەیی






ڕۆژی ٢٠١٢/١٠/١٢ هونەرمەند عەدنان کەریم کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی بۆ بڵاوکردنەوەی نوێترین بەرهەمی خۆی (بادەی گوڵڕەنگ) لە شاری هەولێر ساز کرد و تێیدا ڕووناکی خستە سەر بەرهەمەکە و وەڵامی پرسیاری ئامادەبووانی دایەوە سەبارەت بەم بەرهەمەی و مەقام بەشێوەیەکی گشتی و چەند لایەنێکی دیکەی تایبەت بە هونەری کوردی.

**خەونێك بوو هاتەدی**

عەدنان کەریمی هونەرمەند ئەلبوومی (بادەی گوڵڕەنگ) بە خەونێکی دێرینی خۆی وەسف کرد کە دەمێکە ویستویەتی کارێکی لەم شێوەیە ئەنجام بدات کە لە حەوت مەقام و بەستەیەك پێکهاتووە و وەك زۆر لە بەرهەمەکانی پێشووی زۆربەی شیعرەکانی کلاسیکن هەروەها ڕوونی کردەوە ئەم کارە هەوڵێك بوو وەك هەوڵە بەردەوامەکانی، چونکە وەك خۆی ئاماژەی پێکرد کەسێکە ئێستاش دەیەوێ زیاتر فێر بێت و بەم مەقامانە هەندێك لە مەقام فێر بووە،ئەویش لە ڕێگای هونەرمەندێکی گەورەی وەك مامۆستا عەلی مەردان، هەروەها ئەوەشی خستە ڕوو کە بەرهەمی (بادەی گوڵڕەنگ)ی لەسەر ئەرکی خۆی چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

هونەرمەند عەدنان کەریم دەربارەی مامۆستا عەلی مەردان زیاتر وتی: هونەرمەند عەلی مەردان یەکەم مامۆستام بووە کە من توانیومە لەوەوە فێری مەقام بم،ئەویش بە هەوڵ و گوێگرتنێکی زۆر، سوپاسی خوا دەکەم کە ئەو سەرچاوە گەورەیە بۆ کورد ماوەتەوە، هونەرمەندێکی گەورەی وەکو عەلی مەردان سەرچاوەیەکی بۆ ئێمە جێهێشتووە کە ئێمە تاکو ماوین درووێی بۆ بنێرین و دڵخۆش بین بەوەی کە گەورەترین پایەی هونەری کوردی ئێمە بە بەردەوام زانستی لێ هەڵدەهێنجین.

**هەموو ئەلبوومەکانم تایبەتمەندێتی خۆیان هەیە**

سەبارەت بە ستایل و داهێنان و گۆڕانکاریی نوێ لە ستایلە هونەرییەکان، هونەرمەند عەدنان کەریم دەڵێت: کاری هونەرمەند گەڕانە بەدوای داهێنان و دەبێ هەمیشە هەوڵی ئەوە بدات ئەو کارەی ئەنجامی دەدات دووبارە نەبێتەوە، من تا ئێستا چەندین کارم ئەنجامداوە و جەماوەر ئەوە دەزانێت کە کارەکانم گۆڕانکاری بەسەردا دێت، سێ ئەلبوومم لەگەڵ کامکاران پێشکەش کردووە هەر ئەلبوومێکیان تایبەتمەندێتی خۆی هەبووە، بە هەمان شێوە کارەکانی دیکەم وەکو (شنەی با و ئەڕۆی ئۆغر) و بەرهەمەکانی دیکەش توانیویانە شوێنی خۆیان بگرن لەنێو هونەری

کوردی و ئێستاش من هەر باسی ئەوە دەکەم کە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەکانی هونەری کوردی، مەبەستی سەرەکیم ئەوەیە ئەگەر بێتو زۆر بە وردی سەیری هونەری دەورووبەر و وڵاتانی دراوسێمان بکەن،دەڵێن هونەری عەرەبی یان فارسی یان تورکی، بەڵام لەنێو ئەم هونەرانە هونەرێکی تایبەت کە پێناسە و شوناسێکی تایبەتیی خۆی هەیە ئەویش هونەری کوردییە، ئەو کات دۆزینەوەی رەسەنایەتی ئەم هونەرە هەمیشە گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوەکان، بەڵام ئایا ئەم سەرچاوانە کێن؟ وەکو ئاماژەم پێکرد، مامۆستا عەلی مەردان یەکێکە لەو سەرچاوە گەورانە کە ئێمە هەتا ئێستا دەتوانین پشتی پێ ببەستین و لەژێر سایەی هونەرەکەی ئەودا رۆژ دوای رۆژ خۆمان تازە کەینەوە، چەندانی دیکەشمان هەیە بە هەمان شێوە وەك حەسەن زیرەك، محەمەد عارف جزیری، تاهیر تۆفیق، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەم هونەرمەندانە دەتوانین هونەرێك پێشکەش بکەین کە شوناسێکی تایبەتی خۆی هەیە.

**پێویستە لە ڕێگای هونەر و کلتوورەوە شوناسی خۆمان بناسین**

عەدنان کەریم باسی لەو شەپۆڵە نوێیە کرد کە ئێستا لەنێو هونەری کوردیدا بوونی هەیە و بە ویستی جەماوەر و هەموو دونیای شوبهاند و وتی: جگە لەوەی باسم کرد ئێستا شەپۆلێکی دیکە هەیە لە نێو هونەری کوردیدا کە لەوانەیە شەپۆلێکی هاوچەرخ و تازە بێت، ئێمە ناتوانین ئینکاری لە هیچ شەپۆلێك بکەین کە دێتە نێو هونەری کوردییەوە، چونکە ئەمە ویستی من و تۆ نییە بەڵکو ویستی هەموو دونیایە، بۆ نموونە ئەگەر سەیری هونەری عەرەبی بکەین چەند هونەرمەندێکی هاوشێوەی فەیروز شوێنیان دیارە، بەڵام بە سەدان هونەرمەندی دیکە پەیدا بوون کە بە هەناسەیەکی دیکە کار دەکەن، بەڵام بڕوا ناکەم فەیروز یان عەبدولحەلیم حافزێکی دیکە دروست بێتەوە، دەتوانم بڵێم ئەمانە هەمووی لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەی ئێستا بەدی دەکرێت، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەوەیە کی ئێمە لە ناوچەکەدا خەون بە وڵات بوونەوە دەبینین و بە فیدرالییەکەش رازین ئەگەر بماندەنێ کەچی ئیعتیرافیشی پێ ناکەن، کە میللەتێك بارودۆخی ئەمە بێت پێویستە بیر لەوە بکەینەوە لە ڕێگای کەلتوور و هونەرەکەیەوە شوناسی خۆی بدۆزێتەوە، پێویست ناکات ئێمە لەژێر سایەی هونەری نەتەوەیەکی دیکە خۆمان حەشار بدەین واتە میللەتی کورد دەبێ خۆی بێت، بۆیە دەبێ سیاسەتمەدارەکان، مێژوونووسان، ئەدیبان، هونەرمەندانی کورد هەوڵ بدەن خۆیان بن و کەسی دیکە نەبن، من ناڵێم کاریگەریی نەتەوەکانی دیکەی بەسەرەوە نەبێت. ئەگەر سەیری کلتووری تورکی بکەین دەبینین چۆتە نێو هونەری عەرەبی و کوردی ئەمەش بەبێ پلان نەبووە، بۆیە پێویستە حکومەتی ئێمە پلان دابنێت بۆ گەشەسەندنی و پێشخستن و هونەر و هونەرمەندان بەرەو هەنگاوێك ببات کە شوناسی خۆیان بزانن.

**حەز دەکەم هەمیشە گوێ لە حەیران بگرم**

ئەم ئەلبوومە نوێیەی هونەرمەند تایبەتە بە مەقامات بۆیە دەربارەی مەقام بە گشتی وتی: هەموو مەقامێك چەندین لقی لێ دەبێتەوە بۆ نموونە حیجاز چەندین ناوی بەدواوە دێت، ئەوەی بەلای منەوە گرنگە ئەو فۆرم و شێوە زانستییەی مەقامە کە بە نۆتە دەنووسرێتەوە، لقەکانی دیکە من هەست دەکەم ئەمە هەستی تاکەکان و ناوچەکانە ئەم ناوچانە خۆیان ناویان لێناوە، واتە ئەو هەستانەی دەریانبڕیوە ناویان لێناوە، بۆ نموونە من کە حیجاز بڵێم لەوانەیە زۆربەی زۆری گۆشەکانی تێدا بێت، بەڵام دەمەوێت بەو پەیژە مەقامییەی کە وتراوە لەناو حیجاز ئەوە پێشکەش بکەم، من نایەم وردەکارییەکانی هەموو باس بکەم بۆ ئەوەی سەر لە کەس تێك نەدەم ئەمە کار و هەنگاوی منە، بەڵام ئەگەر یەکە یەکەی بەشەکانی وردی بکەینەوە وردەکاری زۆری دەچێتە سەر وای لێدێت کە سەر لە گوێگر دەشێوێنێت، بەڵام زۆر گرنگە هونەرمەند یان گۆرانیبێژان ئەمانە بناسن و بزانن کامەیان سەبا و چوارگا و پێنج گا و حیجازە، لەبارەی خورشیدییەوە دیارە خورشیدی و ئەڵاوەیسی و ئای ئای ئەمانە زیاتر بە زاراوەی هەورامی دەخوێندرێن، بڵێین و نەڵێین رەوتی ئەدەبی کوردی پێش نالی و سالم زیاتر شیعرەکان بە شێوەزمانی هەورامی نووسراون و ئەو زمانە هەورامییەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی زەردەشت، ئەو هاوار و نزایانە کە موغەکان لە خوایان کردووە بەگەنجان ناوبراوە، دوعا و نزاکان بەشێك بوون لە مەقام کە دەماودەم ماوەتەوە و ئەوەی لە مامۆستا عەلی مەردان ماوەتەوە و لە ئێران پێی دەڵێن چوار گا جیاوازییەکەی زۆرە لە دەربڕین، بەڵام هەمان نۆتەیە، کەواتە ئێمە سەرچاوەکەیمان هەبێت ئەویش ناوچەی گەرمیان و عەلی مەردان بێت بۆچی پەنابە سەرچاوە رەسەنەکەی نەبەین، سەبارەت بە ناوەکەشی خورشیدی لە خۆرەوە هاتووە فارسیش ئەم ناوەیان هاتووە ئیتر چۆن هاتووە.

عەدنان کەریم سەبارەت بە خوێندنی حەیران وتی: رەنگە نەوێرم حەیران بڵێم، چونکە حەیران ئەوەندە خۆش و تایبەتە کە حەز دەکەم هەمیشە گوێم لێی بێت، بەڵام ئەگەری بیڵێم لەوانەیە نەتوانم تێیدا سەرکەوتوو بووم، رەنگە بە تەنیا بۆخۆم بیڵێم.



# مەروا داوا دەكات زنجیرە دۆبلاژكراوەكان كەم بكرێنەوە



خانمە ئەكتەری شاری سلێمانی مەروا محەمەد كە ڕۆڵی لە چەندین درامای كوردیدا هەبووە، داوا دەكات كە ژمارەی زنجیرە دۆبلاژكراوەكان كەم بكرێنەوە.
مـــەروا لە لێدوانێكـــدا بۆ گوڵان گوتـــی: داوا لـــەو كۆمپانیایانە دەكەم كە كاری دۆبلاژ دەكەن بەپێی توانـــا ژمارەیان كەم بكەنەوە بۆ چەند درامایەكی ســـەردەمیانە یان چەند فیلمێك كە جێگای سەرنجی بینەران بێت، چونكە بە بڕوای من بە زۆربوونی هاوشـــێوەی كۆپی كردنی سیدی گۆرانیبێژان دەبێت، بەڵام جێگای خۆیەتی دەستخۆشییان لێبكەین، چونكە زۆر هیلاك دەبن و زۆر بە جوانیش كاری دۆبلاژ دەكەن.
دەربـــارەی ئەو زنجیرانەی كاریگەرییان زۆرە لەنێو جەماوەردا مەروا دەڵێت: ئەو زنجیرە دۆبلاژكراوانەی كـــە كاریگەرییان لەنێو جەماوەردا هەیە بە بڕوای من زنجیرەی دكتۆر هۆرجون بووە لەگەڵ دیۆكمان و جۆمۆنگ، ئەمانە زیاتر لەنێو خەڵك باسیان دەكرێت و بینەریان زۆرە.

## براد بیت حەزی لە فیلمێكی هیندییە

پێدەچێت فیلمە هیندییەكان سەرنجی ئەستێرە ناودارەكانی هۆڵیۆدیشیان بۆ خۆیان راكێشـــابێت، ئەمەش بە هۆی ئەو پێشـــكەوتنەی فیلمەكانی بۆڵیۆدیان لە چەند ساڵی رابردوودا بە خۆیانەوە بینیوە.
لەم بارەیەوە براد بێتی ئەســـتێرەی ســـینەمایی رایگەیاند كە زۆر حەز دەكات بەشداریی بكات لە فیلمێكی هیندی تایبەت، چونكە سەرسامە بە پێشكەوتنی ســـینەمای هیندی و بەشداری كردنی چەند فیلمێكی هیندی لە ئۆســـكار و كێبڕكـــێ كردنیان لەگەڵ فیلمـــە هەرە باش و پێشكەوتووەكانی جیهانی بە نموونەی ئەو پێشكەوتنە هێنایەوە.
بـــراد بێت زیاتـــر گوتی: زۆر حەز دەكەم بەشـــداری بكەم لە فیلمێكی بۆڵیـــۆدی، چونكە فیلمەكانیان زۆر درامـــا و ڕەنگی تێدایە، هەروەها دەتوانم یەكێك لەو ســـەمایانە لەگەڵ تیمی فیلمەكە ئەنجام بدەم.





## ژیانی تایرا بانكس دەكرێتە فیلمێكی كۆمیدی

نمایشكاری ناوداری ئەمریكی تایرا بانكس ڕەزامەندی دەربڕی هەموو مافێك بداتە تۆڕی (ئەی بی ســـی)ی تەلەفزیۆنی بۆ بەرهەمهێنانی زنجیرەیەكی تەلەفزیۆنی دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆی.
ڕۆژنامەی نیویۆرك تایمز لەم بارەیەوە بڵاویكردەوە كە تیرای نمایشكاری جلوبەرگ و بیزنســـكار مافی زنجیرەی تەلەفزیۆنی (فایف هید)ی فرۆشتووە بە كەناڵی (ئەی بی سی) كە باس لە ژیانی تیرا دەكات ئەو كاتەی لە قوتابخانـــەی ناوەندی بوو لە لۆس ئەنجلوس و دواتر رووی كردە بواری مۆدیل، تیرا ناونیشانی زنجیرەكەی لە یەكێك لەو نازناوانە وەرگرتووە كە پێی ناســـراوە ئەویش (فۆر هید)ە.
پێویســـتە ئاماژە بەوە بكرێ كە تیرا بە هاوكاری نووسەر و سیناریستی تەلەفزیۆنی كتیا پاریس كە یەكێكە لە هاوڕێ نزیكەكانی هەڵدەستێت بە بەرهەمهێنانی ئەم زنجیرەیە.

# میلا : ئەلیس بووەتە بەشێک لە ژیانم

خانمە ئەکتەر و نمایشکاری جلوبەرگی ئەمریکی میلا یۆڤۆڤیتش رایگەیاند کە کەسایەتی (ئەلیس)ی پاڵەوانی زنجیرە فیلمەکانی (توخمی پێنجەم) بووەتە بەشێکی نەپچڕاو لە ژیانی و توانیویەتی بە تەواوەتی خۆی لەگەڵدا بگونجێنێت.

یۆڤۆڤیتش کە لە ئۆکرانیا لە دایکێکی رووسی و باوکێکی سربی لە دایکبووە زیاتر دەربارەی کەسایەتیی ئەلیس دەڵێت: من هەمیشە بە تامەزۆرییەوە چاوەڕێی رووداوە نوێیەکانی زنجیرە فیلمەکە دەکەم کە هەوڵ دەدات پەرە بە کەسایەتییەکە بدات و زۆریش خۆشحاڵم کە چەندین کەسایەتی دووبارە گەڕاونەتەوە کە لە بەشەکانی دیکەی زنجیرە فیلمەکە نەمابوون.



دەربارەی ژیانی تایبەتیشی میلا دەڵێت: من لە ژیانی تایبەتیی خۆم بە کەسێکی توند و بەهێز ناسراوم و زۆریش لە کەسایەتی (ئەلیس) ەوە نزیکم بەتایبەتی ئەگەر مەسەلەکە پەیوەست بێت بە پابەندبوون بە بەڵێنێك و مردنی زۆر پێخۆشترە لەوەی خیانەت بکات، بۆیە زۆریش گونجاوە لەگەڵ ئەلیس. میلا کە جگە لە نواندن و نمایشکردنی جلوبەرگ گۆرانیبێژیشە زیاتر دەڵێت: بەداخەوە لەم رۆژگارەدا بەڵێن دان و جێبەجێ نەکردنی کارێکی زۆر ئاساییە لەلای هەندێك کەسەوە، هەروەها دەڵێت: من لایەنگیری هاوڕێیەکانم دەکەم، هەرچەندە هاوڕێکانی زۆر نین و ئەوانەی کە هاوڕێیشن زۆر ریزیان دەگرێت، چونکە هاوڕێی راستەقینەن و هیچ شتێکی نهێنی لە نێوانماند نییە، من لە منداڵییەوە بەشداری زۆر ئاهەنگەکانی قوتابخانەم دەکرد، بەڵام بە حوکمی ئەوەی کە ئاوارە بووین زۆر تێکەڵی خەڵك دەبووین، چونکە زۆر متمانەیان بە هەموو کەسێك نەدەکرد لەبەر ئەوەی نەیاندەناسین و هەر لە تەمەنێکی زوودا دەستی بە کاری هونەری کرد، میلا دووپاتی دەکاتەوە کە هەر زوو توانیی ناوبانگێکی زۆر پەیدا بکات ئەمەش بۆ من تا رادەیەك سەخت بوو، چونکە تۆ کە لە هۆلیۆد ناسرایت کارەکە وا دەخوازێت هاوڕێت زۆر بن، هەرچەندە نووسەرەکان وێنەیەکی وا لە هزری بینەردا وێنا دەکەن کە هەموویان یەکتریان خۆشدەوێت و بەیەکەوە لە بەهەشتدا دەژین لەکاتێکدا هەر یەکێکیان پێوەندی و تایبەتمەندییەکانی ژیانی خۆی دەپارێزێت و نایدرکێنی.

میلا یۆڤۆڤیتش ساڵی ١٩٧٥ لە باوکێکی سربی ودایکێکی رووسی لە شاری کییفی پایتەختی ئۆکرانیا لە دایکبووە و هەر لە تەمەنی ١١ ساڵیدا لەلایەن کۆمپانیای ریفلۆن بۆ بۆن و جلوبەرگ هەڵبژێردرا، لە ساڵی ١٩٨٨ بەشداری کرد لە یەکەم فیلمی سینەمایی و جگە لە نواندن گۆرانیش دەڵێت و تا ئێستا چەندین گۆرانی گوتووە و بەم دواییە یەکەم بەرهەمی خۆی بڵاوکردەوە سەرەڕای گوتنی چەندین گۆرانی فۆلکلۆری ئۆکرانی و تا ئێستا و بەشداریی کردووە لە زیاتر لە ٣٠ فیلم و هاوسەری دەرهێنەری بەناوبانگ پۆل ئەندرسۆن و دایکی تاقە کچێکە.



# سەروەت و سامانی راغب عەلامە خەیاڵییە

رۆژنامەی (دیار)ی لوبنانی رایگەیاند کەوا سەروەت و سامانی هونەرمەندی لوبنانی راغب عەلامە دەگاتە زیاتر لە ٤٥٠ ملیۆن دۆلار و لەوانە ٢٠٠ ملیۆنی لە بانکەکانی فەرەنسایە، ئەمەش بووە هۆی تووڕە بوونی راغب و ناچار بوو وەڵامی بداتەوە.

راغب عەلامە لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تویتەر رایگەیاند: ئەمە شتێکی سەیر و و زۆر لە خەیاڵەوە نزیکە، رۆژنامەیەکی لوبنانی هەموو کێشە و گرفتەکانی دونیا پشتگوێ بخات و خۆی بە دروستکردنی شتی بێ بنەما و دوور لە راستی لەسەر سەروەت و سامانی منەوە سەرقاڵ بکات، رۆژێك دەڵێت ٩٠ ملیۆن دۆلارە و رۆژێکی تر دەڵێ ٤٠٠ ملیۆنە.

راغب لە درێژەی قسەکانیدا زیاتر گوتی: خەون و پێشبینییەکانی سەرنووسەری ئەو گۆڤارە گەیشتە ئەو رادەیەی بڵێ کە ملیاردێرێکی وەك سەعد حەریری ٢٥٠ ملیۆن دۆلاری بە قەرز لە من وەرگرتووە لە کاتێکدا هەموومان دەزانین سەعد حەریری کێیە و لەسەر ئاستی جیهان خاوەن کەسایەتییەکی بەناوبانگە پێدەچێت ئەم ساڵ درۆی نیسان هەر لە ئێستاوە دەستی پێکردبێت، من نازانم ئامانجیان لەم پروپاگەندانە چییە؟ نازانم بۆچی منیان کردۆتە ئامانج و بەم شێوەیە باس لە سەروەتی من دەکەن لەکاتێکدا هەموو خەڵك من باش دەناسن.

## ڕۆژانە تەنیا یەک ژەم نان دەخوات

# دڵنیا قەرەداغی: دەتوانم زیاتر لەوەی ئێستا پێشکەش

**لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووەوە دڵنیا قەرەداغی گۆرانی دەڵێت و بەردەوامە، تا ئێستا خاوەن چەندین بەرهەمی هونەریی جیاجیا و چەندین کلیپە و جگە لە زاراوەی سۆرانی بە کرمانجیش گۆرانی چڕیوە، لە ماوەی ڕابردوودا دووچاری نەخۆشییەکی کوشندە هات، دواتر تەندروستیی بەرەو باشتر چوو، دڵنیا قەرەداغی بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** وەك هونەرمەندێك تاچەند دڵخۆشیت بەوەی کە بە زاراوەی کرمانجی گۆرانیت وتووە ؟**

- وەك هەموو زاراوەکانی دیکەی کوردی،کرمانجیش یەکێکە لەو زاراوانەی کە زۆر حەز دەکەم گۆرانی پێ بڵێم، لەساڵی ١٩٩٩ کۆنسێرتێکم لە شاری دهۆك ئەنجامدا، ئەوکات بینیم کە لەو دەڤەرە بۆشاییەکی گەورە هەبوو لە گۆرانیبێژی ئافرەت، چونکە ئەو کات گۆرانیبێژی ئافرەتیان نەبوو، هەر ئەمە وای لێکردم کە گۆرانی زیاتر بە زاراوەی کرمانجی بڵێم و سوپاس بۆ خوا کە توانیم تارادەیەك شوێنی خۆم بکەمەوە و هەوڵ دەدەم لەهەموو سیدەیەکانمدا گۆرانییەکی کرمانجی تێدا بێت .

***وەك مرۆڤ و ئەو ئاواتەی تۆ کە تاکو ئێستا نەهاتۆتە دی چییە ؟**

ـ بێگومان ئاواتەکانی هەر یەکێك لە ئێمە زۆرن، هونەرمەندیش ڕۆژ بە ڕۆژ ئاواتەکانی زیاتر دەبن و حەزی لە پێشکەش کردنی کاری جوانترە.

*** ئەی لە بواری هونەری ئەو ئاواتەت چییە کە نەهاتۆتە دی؟**

- ئاواتەکانم زۆرن من هەست دەکەم زۆر زیاتر لەوەی پێشکەشی دەکەم و تا ئێستا پێشکەشم کردووە هێز و وزەم هەیە، بەڵام تا ئێستا دەرم نەکردووە، چونکە ئەو شتانەی کە من لە خەیاڵمدایە و حەز دەکەم ئەنجامی بدەم ڕەنگە پارەیەکی زۆری ویستبێت بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت لەبەر ئەوە نەمانتوانیوە جێبەجێیان بکەم .

*** دوای جیابوونەوەت لەهاوسەرەکەت، خۆشەویستی کەست لەدڵدا هەیە ؟**

ـ دەتوانم بڵێم بەو شێوەیە نەبووە کە بڵێم سەد لە سەد خۆشەویستی بووە.

*** پەیج و ئەکاونتی تایبەتت هەیە لە فەیسبووکدا ؟**

ـ بەڵێ پەیجی تایبەت بەخۆم هەبوو، سێ پەیجیشیان بەناوی منەوە کردبۆوە، بەڵام زۆر زۆر مەسجیان بۆم دەنارد دەیانووت دڵێنا خان شوو دەکەیت؟ شووم پێ بکە، من کوڕێکم تەمەنم ئەوەندەیە، ئەو کارە دەکەم و زۆر قسەی لەو جۆرانە لەبەر ئەوە کە بێزار بووم هەموویانم داخست.

*** ئەو مەسجانەی کە لە فەیسبووکەوە بۆت دەهاتن مەسجی شەخصی بوون یان پەیوەندییان بەهونەرەوە هەبوو؟**

ـ نەخێر هیچیان پەیوەندییان بە هونەر و کاری هونەرییەوە نەبوو، بەڵکو هەمووی شتی شەخصی بوون.

***ڕۆژانە چەند کات بۆ مکیاژ تەرخان دەکەیت ؟**

ـ ڕۆژانە سەعاتێك ئەگەر بچمە دەرەوە، چونکە ئەگەر سەعات دە کارێکم هەبێت سەعات هەشت هەڵدەستم .

*** چ ئافرەتێکت لاجوانە ؟**

- ئافرەتێکم خۆشدەوێت بایەخ بە ڕواڵەت و جلوبەرگ و ستایلی خۆی بدات و کەسێك بێت گرنگی بەجوانکاری بدات بەجۆرێك کە بگونجێت لەگەڵ ستایلی ڕۆژانەدا، حەز دەکەم ئافرەت کەسایەتیی هەبێت، ئافرەتێك قسە خۆش و سادە بێت لە ژیان جوانە بۆ ئافرەت.

ـ زۆر لەهونەرمەندان کە قسەیان لەگەڵدا دەکەیت هەست دەکەیت ڕەخنەی ڕوخێنەر دەگرن و لە هونەر مەندەکاتی دیکە کە جۆریك لەحەسوودی پێوە دیارە، ئایا ئیرەیی لای تۆ بوونی هەیە ؟

ـ ئەگەر حەسوودی یاخود بڵێین ئیرەیی لەسەربنەمای ئەوە بێت کە شتێك ئەنجام بدەیت بتەوێ لە ئیشەکەی بەرامبەرت جوانتر بێت، ئەوە بەلای منەوە شتێکی زۆر سروشتی و ئاساییە، بەڵام ئەگەر بۆ ڕووخانی هونەرمەندەکە بێت، ئەوە حاڵەتێکە دەتوانم بڵێم جۆرێکە لە نەخۆشی و شتێکی سروشتی نییە کە من بە هیچ شێوەیەك ناتوانم ئاوا بم .

*** کەی بەخۆت دەڵێی پیر ؟**

ـ من دە ساڵە پیربووم، چونکە بەڕای من،گەنج بوون پێوەندیی بەتەمەنەوە نییە، بەڵکو دڵ پێوەندیی بە گەنج بوونەوە هەیە تۆ زۆرجار پیرێك دەبینیت تەمەنی لە سەروو ی شەست ساڵە، بەڵام هەر گەنجە ئەگەر پێبلێیت پیریت توڕە دەبێت، جاری واش هەیە ڕەنگە گەنجێك ببێنیت تەمەنی لەنێوان ٢٠-٢٥ ساڵە کە سەیری دەکەیت دەبینی پیری پێوە دیارە، بۆیە من پێموایە پیری پێوەندی بە تەمەنەوە نییە ئەگەر دڵ پیر بوو مرۆڤیش پیر دەبی ئەگەر تەمەنی زۆر منداڵیش بێت.

*** ئەگەر گوڵێکت هەبێت پێشکەشی کێی دەکەیت ؟**

- تەنیا و تەنیا کوڕەکەم .

*** هۆکاری سەرەکی نەخۆشییەکەت چیبوو ؟**

ـ لە ڕاستیدا من خۆشم نازانم لە پرێکا نەخۆش کەوتم، لێرە چوومە لای پزیشکێك زۆر دەرمانیشم وەرگرت، بەڵام هیچ سوودی نەبوو و نەخۆشییەکەم بەردەوام تەشەنەی دەکرد و تەندروستیم خراپتر دەبوو بۆیە

# به هونەر بكەم



به پەلە چوومـــە تووركیا لەویَ وتیان باری تەندورســـتیت زۆر خراپە لـــە ئەنجامی ڤایرۆســـێك كە چوار ساڵ پێش ئێستا تووشـــی بوویـــت ڤایرۆســـەكەش كوشندەیە، ئەگەر نەشتەرگەری ئەنجـــام نەدەیت دوور نییە گیان لە دەســـت بدەیت یـــان دەمت خـــوار دەبێت، واتە تووشـــی نیوە ئیفلیج بـــوون دەبیت و بەڵێننامەیان پیَ پڕ كردمەوە كە لەسەر بەرپرسیارییەتی خـــۆم نەشـــتەرگەریم بۆ بكەن، منیـــش ناچاربووم نەشـــتەرگەریم ئەنجامـــدا ئێســـتا كەمێك باشتر بووم، بەڵام پێویســـتە جارێكی دیكە بچمەوە بۆ چارەسەركردن .

***دڵنیا قەرەداغی لە ســـەرەتای ساڵانی نەوەدەكان ئافرەتێكی قەڵەوی خڕین بوو، بەڵام دواتر كێشی دابەزی ئێستا كێشی كەمبووەتەوە لەگەڵ ریجیم چۆنیت ؟**

ـ من سەرەتا كێشـــەم نەبوو، بەڵام دوای ساڵی ١٩٩٩ كێشـــم زۆر زیادی كرد و هەســـتم بەوەكرد كە نابێت هونەرمەند كێشـــی بەو جۆرە زۆربێت چونكە هونەرمەند لەشـــی رێك و جوان بێت و كێشی دیاریكراو بێت، بۆیە بیرم لەوە كردەوە كێشی لەشم دابەزێنم، ئیتر دەستم كرد بە وەرزش و خواردنم كەم كردەوە و لە برنج و نان هەموو ئەو شتانەی كە دەبنە هۆی قەڵەو كردنی مرۆڤ دوور كەوتمەوە، سوپاس بۆ خوا كێشی لەشـــم زۆر كەم بووە، بـــەڵام ئێســـتاش بەردەوامم لەو ریجیمـــە و ئەنجامدانی وەرزش و خواردنیشم زۆر كەم كردۆتەوە بـــە جۆرێك رۆژانە مـــن تەنیا یەك ژەم نان دەخۆم و زۆر بـــە وردی چاودێریی تەندروستیی خۆم دەكەم.

## یاسین قادر بەرزنج

# لە کتێبخانەی گشتیدا بوومە خوێنەرێکی جددی و

زۆر لە هونەرمەندان جا لە هەر بوارێکدا بن بەتایبەتی بواری نواندن، بەجۆرێك شوێنی خۆیان لە دڵی جەماوەردا دەکەنەوە کە ئاشنایەتییەکی زۆریان پێی هەبێت و هەوڵی ئەوە دەدەن کە لە نزیکەوە بیانناسن و زۆر جار بەراوردیش لەنێوان هونەرمەندەکە و یەکێك لەو کەسایەتییانە دەکەن کە لە کارێکی دیاریکراودا بەرجەستەی کردووە، جا رۆڵێکی خێرخواز بێت یان کەسایەتییەکی شەڕانگێز یانیش کەسایەتییەك بێت لە نێو کۆمەڵگادا تا رادەیەك بڤە بێت، یاسین قادر بەرزنجی لەو هونەرمەندانەیە کە زۆرێك لەو کەسایەتییانەی بینیوە،بۆیە لەلایەن جەماوەرە ناسراوە، ئەمە سەرەڕای ئەو نووسین ورپیۆرتاژە کۆمەڵایەتییانەی کە لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوی کردۆتەوە، بۆیە حەزمان کرد دوور لە هونەر چەند پرسیارێك ئاراستەی هونەرمەند یاسین قادر بەرزنجی بکەین.

***ئەو قسەیە چییە کە زۆر حەزت لێیەتی بیڵێیتەوە؟**

-دنیایەکی سەیرە گوڵم! کەناونیشانی شیعرێکی ئەحمەدی شامیلۆیە.

***ئەو قسەیەی کە کەیفت پێی نایەت؟**

-ستایشی خۆکردن.

***ئەو شتە چییە کە زۆر تووڕەت دەکات؟**

-ناهەقی و درۆکردن.

***زیاتر حەزت لەکام گۆرانی و گۆرانیبێژە؟**

-زۆرن، بەپێی ساتەکانی ژیان و سرووتەکانی گوزەران دەگۆڕدرێن، بەڵام هەمیشە حەز بە عەلی مەردان و خالقی و عەدنان کەریم و ئوم کەلسوم و ئەسالە و کازم ساهیر و شەجەریان دەکەم.

***ئەو کاتانەی تەنیایت کام گۆرانی لەبەر خۆتەوە دەڵێیتەوە؟**

-کزەی جەرگانم ماڵی وێرانم، قاپیم لێوەکە ئەمشەو میوانم.

***ناخۆشترین دەنگ لەلای تۆ دەنگی چییە؟**

-ئەوانەی دەنگیان دەگۆڕن، یان بابڵێم لە ئاخافتندا (تصنع) دەکەن.

***ئەی خۆشترین دەنگ چییە؟**

-ئەوانەی لە دیتن بێ یان لە تەلەفۆندا بە پەرۆشەوە لە تەندروستیت دەپرسن.

***حەزت لە کام وەرزشە؟**

-مەلەوانی، جارانیش باسکە.

***زیاتر حەزت لەکام شارە؟**

-بێگومان سلێمانی.

***ئارەزووت لەکوێیە لێی بژیت؟**

-هەر سلێمانی.



### ـــــــى دوور لە هونەر....

# سەدان نووسەر و رووناکبیر و خەمخۆرم ناسیوە





***پەشیمانی زۆرت بۆ چی بووە؟**

-لەدەســتدانی هەندێك دەرفەتی زێڕین، هاوڕێیەتی کەسانێك کە هی ئەوە نەبوون قومە ئاوێکیان لەگەڵدا بخۆیتەوە.

***ئەی بەرامبەر خۆت؟**

-لەهــەر هەڵەیەکی ژیانی رۆژانە، کە لــەو بڕوایەدام کەس نییە هەڵەی نەبێت، بەتایبەت ئەوانەی کار دەکەن.

***چ دیوانە شیعرێك زۆر لەلات نازدارە؟**

-دیوانەکانی نالی و مەحوی و گۆران.

***کاریزمای چ کەسێکی کۆچ کردوو لەسەرت هەیە؟**

-باپیرم(مەلا مستەفای سەفوەت)ی زاناو ئەدیبی نەمر.

***چی دەتگریەنێت؟**

-مەرگی ئازیزان، ئازارو گریانی خۆشەویســتان، هەندێ شــیعرو گۆرانیی بەسۆز.

***چی وات لێدەکات پێبکەنیت؟**

-قسەی زۆرخۆش، هەندێ کرداری لەدایکبووی ساتی خۆیان.

***تۆ لە منداڵیدا حەزت دەکرد چ کارە بیت، واتە کە گەورە بوویت چ کارێك بکەیت؟**

-لە دیتنی فلیمەکانەوە پارێزەری، یاخود ئەکتەری.

***زیاتر حەزت لە کام خواردنە؟**

-هــەر خواردنێك زوو ئامادەبێت و خاوێــن و بەتام بێت و مەزاجی رۆژانەش رۆڵی هەیە.

***تا ئێستا چی تۆی هێناوەتە جۆش؟**

-ســەرکەوتنی گەلەکەم، دەســکەوتە نەتەوەییــەکان، ئاوەدانی و جوانبوونی شــارو وڵات، لەسەر ئاستی شەخسیش بەئاکام گەیشتنی بەرهەمە هونەرییەکانم و چاپکردنی کتێبەکانم.

***ڕقت لە کام تایبەتمەندیی خۆتە؟**

-دڵســافی لە رادەبــەدەرو هاوکاریی دەیان جارەی کەســانی بێ ئەمەك.

***ئەی کام تایبەتمەندیی خۆتت پێ باشە؟**

-ســادەیی و خاکەڕایــی و ڕێزگرتــن لــە خەڵکی بــە منداڵی بچووکیشەوە.

*** ئارەزووەکانت چین؟**

-گوێگرتن لەئاوازو موزیك، دیتنی سروشــتی جوان و تەماشای هونەری لاوە بەهرەمەندەکان.

***لەچی خۆت پەشیمانیت؟**

-توورەبــوون و هەڵچوونی هەندێك جار، کە بەزوویی پەشــیمان دەبمەوە.

***ئەی ئەو وشانەی دڵگیرن لەلات؟**

-بانگ کردنی هەندێ کچ و ژن بە وشــەی(دایە) کە شایەنی ئەو وشەیە بن، لەگەڵ داوای (لێبوردن) کە بەبڕوای من زۆر کەس لایان شــەرمە داوای لێبوردن لە هەڵەو بێ مەوعیدی و شتی دیکە بکەن.

***لە چی دەترسیت؟**

-وەك خۆم، پێشکەشــکردنی بەرهەمی کاڵ وکــرچ لە هونەرو نووســیندا، وەك نەتەوەکەشــم لە هەر پێشــهاتێك زیان بە ئایندەی گەلەکەمان بگەیەنێت.

***خۆشترین جێگا بۆ تۆ کوێیە؟**

-نێو کتێبخانەو شانۆ و باخی گشتی و ماڵەکەی خۆم.

***بەرامبەر ژیانی وەزیفیت لەخۆت رازیت؟**

-بەڵێ، چونکە بەشــایەتیی یارو نەیار بە باشی و بەپێی توانای خۆم خزمەتی فەرمانگاکەمم کردووە.

***ئەی لە بەرامبەردا فەرمانگەکەت و کەسانی دەوروبەر بەرامبەر تۆ چۆن بوون؟**

-زۆرباــاش بوون، لە کتێبخانەی گشــتیدا بوومــە خوێنەرێکی جددیی و نووسەرو بەهۆیەوە ســەدان کەسانی روناکبیرو خەمخۆرم ناسیوە، کەسانی راســتگۆش بەهۆی کتێبخانەوە خۆشیان ویستووم و ڕێزیان لێگرتووم.

***ئەو کەسانەی کە حەز دەکەیت هەمیشە لەگەڵت بن و لەگەڵیان بیت کێن؟**

-ئەندامانی خێزانەکەم و خوشك و براکانم و خاڵ و کەسە نزیکەکانم و هاوڕێ دێرین و نوێیەکانم کە یەکجار شیرینن لە دڵمدا.

***حیکمەتێك کە هەمیشە لەیادت بێ؟**

-فەرموودەیەکــی پێغەمبەر (د.خ) کە دەڵێت «خۆت لە خراپەی ئەو کەسە بپارێزە کە چاکەت لەگەڵ کردوە».

***ئەو پرســیارەی کە تۆ دەتویست لێت بپرســن و تا ئێستا لێت نەکراوە چییە؟**

-کەی لە هونەرو نووسین واز دەهێنیت؟ تامنیش بڵێم: کە مردم، یان کەپێم نەما..